مرۆڤی ئێمە لەناو گەورەترین خورافەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەژی

**ئەزموونی نەرێنی**

کە منداڵ بووم وام هەست دەکرد رۆح پێخەفێکی پاکی لەناو مندا هەیە، کە هەراشتر بووم وامدەزانی لەسەر کورسییەک یان عەرشێک دانیشتووە، کە بووم بە لاوێکی سۆفی و هەم خوێندەوار، مەزەندەی ئەوەم دەکرد کە نشینگەی رۆح وا لەناو دڵ و دەرووندا، کەمەکێ هوشیارتر بووم: نا.. وا لە جێگەیەکی تایبەتی ناو عەقڵمدا خۆی حەشار داوە. دایکم و مامۆستا و مەلای گەڕەک وتیان واز لە عەقڵی پۆخڵ و مشک ئاسات بهێنە، دوو فریشتەی خێر و شەڕ نیشتەجێی سەر هەردوو شانی چەپ و ڕاستی تۆن، رۆحت پاک ڕابگرە، چونکە ئەوان ئەرکیان تۆمارکردنی شەڕەکان و خێرەکانی تۆن. دواتر بۆ پتر لە پازدە ساڵ بووم بە خوێنەری گۆڤاری (پزیشکی تۆ)ی د. سەبری ئەلقەبانی، زانیاریی زۆری پزیشکەکانم دەخوێندەوە سەبارەت بە دڵ و دەروون و رۆح و عەقڵ کە شیکاریان دەکرد و توێ توێ هەڵدەدرانەوە، کەچی بۆم دەرکەوت هیچ پێخەف و کورسی و شانشین و پێگەیەک و عەرشێکیان تێدا نییە بۆ دانیشتنی رۆح. هەر هەمووشی گەمە و فریوی زمان بوو لەتەک مندا..سوێندم خوارد کە بە تەنیا خۆم بۆ (رۆح) بگەڕێم و چیدیکە گوێ لە گەورەکان نەگرم.

هەر دایکە بوو کە تێیگەیاندم (ئیسرافیل)ی فریشتە خۆی بە قامچییەکەوە ڕاوەدووی پەڵە هەورەکان دەنێت کە بە باران ئاوسن، چەخماخەی بروسکەکان شریخەی قامچییەکانن و گەواڵەکانیش نرکە و ناڵەی ئیسرافیل خۆی کە وەک شوان ڕایان دەدا تا سەر سەری ئێمە بێن و پاشان بارێن، درەنگتر زانیم کە هەڵمی سەر زەریاکان لە ئاسماندا دەبن بە هەور و بایەکی سارد لێیان دەخورێت، لە دەریای سپیی ناوەڕاست و رووباری نیل و زەریا و رووبارەکانی دیکەوە گەشت دەکەن و لە ئاسمانی ئێمەدا دادەکەن، دواتر و لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا بە ترسەوە گومانەکان تەشەنەیان دەکرد و گەورە دەبوون.

بۆ ملیۆنەها کەسیش هەتا دوای چەکەرەکردنی گومانەکان و وەڵامی کۆنکرێتیی زانستە سروشتییەکان، کەچی دڵ و عەقڵ و سۆزی قووڵی پتری خۆیان هەمیشە بۆ فانتازیاکان و ئەفسانە و چیرۆکە بان سروشتی و خەیاڵییەکان دەبن، ژمارەیەکی زۆریان هەتا گەر ببن بە شارەزا و پسپۆڕی کایە و بوارەکانی فیزیا و کیمیا و بایۆلۆژیا رۆح و عەقڵی خۆیان دەدەنە دەست خورافات، نەک لەبەرئەوەی کە ئەفسانە و خورافات ڕەهەندێکی شاعیرانەی تێدایە و هەموو عەقڵێکی پەتی و خاویش چێژیان لێدەبینێت، بەڵکوو جۆرێک لە دەستبەرداربوونە لە عەقڵ خۆی، گەورەنەبوونی منداڵەکانی ناو خۆمانە کە ناوێرین هۆش و گۆشی خۆمان ئازاد بکەین، یان پرۆسەی ئازادبوونەکەی تەواو نەکردووە، ئەو منداڵە هێشتا ئاسوودەیە بەو ترسەی لە رۆح و دڵ و عەقڵیدا چێندراوە و ڕەگاژۆ بووە.

دایکە دەیوت: هەر ئەستێرەیەکیش فریشتەیەکی خۆی هەیە کە بەرپرسیارە لەوەی دەمەو ئێواران کە تاریک داهات ئەستێرەکەی خۆی دابگیرسێنێت، هەر هەمووشی بە 'قودرەتی قادر'ە و فریشتەکان بێجگە لە کۆمەڵێک چرای گوێرایەڵ هیچە دیکە نین. گرفتەکە لەوەدایە کە فریشتە نادیارەکانی چواردەوری ئێمە، جا چ لەسەر شانمان بن بۆ تۆماری چاکە و خراپە، یان لە ئاسماندا بێت و وەک شوان پەڵە هەورەکان بخاتە پێش خۆی تا لەسەر خاکێکی وشکدا دابکەن، یان چراکانی ناو ئەستێرەکان دابگیرسێنن و بۆ ئێمە بجریوێنن، بە ژمارە زۆرن ئەوانەی ئەو گریمانانە پەسند دەکەن، چونکە خاوەنی دووربین و مایکرۆسکۆپ و تێلیسکۆپی وا نین ئەو هەموو شتە

نادیارانە بپشکنن و بدۆزنەوە. بە ملیۆنەهاش هەن کە پروایان بەوە هەیە کە ئەو بلیارەها شتەی لەناو گەردووندا هەن، نیوەی کە دیارن و نیوەکەی دیکەش کە نادیارن نابنە مایەی هیچ گومان و پرسیارێک. دیاربوون و ونبوونی شتەکان لای ملیۆنەها بەڵگە نین بۆ ئەوەی لایەنگیری بوون و نەبوونیان بین.
ئەگەر نیمچە خوێندەوارێکی لای خۆمان سەغڵەت بکەین بە گرفتی بوون و نەبوون، وەڵامێکی ئاسانی لەسەر زاردایە: زانستەکان ناتوانن ئەو نهێنییانە بدۆزنەوە و هەر هەمووی لە کۆشی غەیبدایە، عەقڵیش بۆ خۆی لەوە بێ تواناترە کە مرۆڤ شانازیی پێوە بکات، عەقڵ بۆ خۆی پارچە گۆشتێکی خاوە!
هەمیشە دایکم یەکەمین مامۆستام بوو، گەلێک شتی فێر کردم، هەم جوان و هەم ناجۆر و سەیر، ناڵێم ناشیرین، چونکە گەر بۆ من ناشیرینیش بووبێت، دایکانی وەک دایکی من بۆ خۆیان قوربانیی میرات و کولتوورێکی بندەستی بوون کە کەمترین و زۆرترین زانیاری تیایدا هەر ئەو داب و نەریت و یاسا و ڕێسایانە بوون کە لەو رۆژگارەدا باو بوون و میراتێکی بەجێماوی سەردەمە دێرینەکان بوون.
هەتا قوتابخانەکانیش لەوە هەژارتر بوون کە عەقڵێکی گومانکار و کونجکۆڵ و مەراقدار و پرسیارکەر دروست بکەن، پەروەردە و فێرکردنی ئێمە کاوێژکردنەوەی هەمان ئەو زانیاری و مەعریفەتەیە کە مێشکێکی سست و رۆحێکی سارد و دڵێکی ترسنۆک دروست دەکات، کچەکان و کوڕەکان هەموو ئەو پرسیارانەیان لێدەکرد کە وەڵامەکانیان ساز و ئامادەن، بگرە کۆپیکراون، پرۆگرامەکانی خوێندن: جا چ زانستە مرۆییەکان بن یان زانستی سروشتییەکان: گەڕان و پشکنین لە رۆح و مێشکی کچەکان و کوڕەکان گڕ نادات، چونکە یەکەمین وانەکانی ناو ماڵ و مەکتەب و مزگەوت و خانەکانی دیکەی پەروەردە لەسەر کوشتنی خەیاڵ و ئەندێشەمەندی بەندن، تەنها خەیاڵیش مرۆڤێکی بێ ئۆقرە و نەسرەوت دروست دەکات کە بە هیچ وەڵامێکی ئامادە قایل نەبێت و دڵی ئاو نەخواتەوە.
مێژووی ئێمە سیخناخە بە بیر و باوەڕە بێ بنەماکان کە ئەگەر بان سروشت بن و چ بەشێک بن لە فیکری مرۆڤ خۆی، گرفتی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووریی گەورەی بۆ خەڵکی ئێمە دروست کردووە، هەمیشە خورافات بەشێکی تۆکمە و دانەبڕاوی ژیانی ئێمە بووە لەسەر هەموو ئاستەکاندا. خورافات خۆراکی رۆژانەی مرۆڤەکان بووە، مرۆڤی ئێمە لەمرۆکەدا لەناو گەورەترین خورافەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەژی و پرِوای وایە کە (فریادڕەسەکان) بەڕێوەن بۆ ئەوەی ئێمە لە ناو هەموو کێشە و گرفتەکان رزگار بکەن. ئەوەی لە رۆژهەڵاتی ناویندا بینیمان بە ناوی ' بەهاری عەرەبی' یەکێک بوو لە هەرە ترسناکترین دۆخ و قۆناغی سیستمی بیرکردنەوە کە نەیتوانیوە لەو خەیاڵە پووچە دەربازی بێت کە چاوەڕوانی ' فریادڕەس ' نەبێت، فریادڕەسێک لە دەرەوەڕا کە بوونەوەرێکی ئەفسانەیی وێنا دەکات بەوەی کە کلیلەکانی هەموو گرفت و کێشەکانی لە هەگبەدایە.
دیارە هەر دوو کایەی سیاسەت و ئایین پێکەوە دوو سەرچاوەی گەورەن بۆ ئەوەی مرۆڤی نائومێد بەردەوام کە لەسەر زەمین گیرۆدەی گرفت و کێشەی بێ شومارە، نامۆ و وێڵ و گرگن، هەمیشە لەسەر ئەوە مەشق و راهێنانی پێدەکرێت کە شۆڕش و ڕابوونێک بەڕێوەیە ئەم دونیا ناشیرینە بە دونیایەکی جوانتر دەگۆڕێت، سەدەی بیست ئاوس بوو بە ئایدیۆلۆژیای خەونفرۆش، جۆرەها دوکانی هیوا و ئومێدی نابەجێ، کە بە ناوی دروستکردنی بەهەشتی سەر ڕووی زەمین، دەبوو هەنگاو بەسەر تەرمەکان و تابووتەکاندا بنێت، بە ناوی دروستکردنی ژیانێکی تازە مەرگی

دەچاند و فرمێسک و خوێنی دەچنییەوە. لە چاوەڕوانی فریادڕەسیشدا سەر شانۆی ژیان پڕ دەبوو لە کەڕ و لاڵ و کوێر و خەڵکانی بەدبەخت و گەڕ و گول، ڕێک وەک شانۆگەرییەکەی لە 'لە چاوەڕوانی گۆدۆ 'ی ـ سەمۆئێل بێکت ـ دا کە تیایدا (گۆدۆ) هەرگیز نایەت، ڕێک وەک چاوەڕوانی ملیۆنەها کە دەبوو بۆ پاکبوونەوەی خەڵک و خاک 'عیسای مەسیح' لە کۆتایی سەدەی بیستەم و هەزارەی دووەمدا وەک فریادڕەسێک فریای ئەم ئەستێرە بۆگەنکردووە بکەوێت، یان ملیۆنەهای دیکەی بەدبەخت لە چاوروانی 'محمد المهدی'دا مردن و ئەم هەر نەهات، بەڵام بۆ مرۆڤی سەرگەردان و داماو چی لە چاوەڕوانی خۆشترە؟

لە خەیاڵدانی مرۆڤدا، وێنەی فریادڕەس بۆ خۆی هیچ نییە بێجگە لە چیرۆکی ئەو چل و چوار هەزار پێغەمبەرەی کە دایکم باسی دەکردن و پرواى تەواوی بەو ژمارە زۆرە هەبوو، کە دایکم واتەنی: بنیادەم وەها بەدکارە کە پێویستی بە چل و چوار هەزار فریادڕەسی دیکە هەیە و هێشتا هەر جێگەی گومانە دەرەقەت بێن بنیادەم ئەهل و سەهل بکەن.

سەدەی بیستەم کە سەدەی پرواهێنانی مرۆڤ بوو بە خۆی و عەقڵی تازە، قۆناغێک کە چەندەها فاکتەری فیکری و گۆڕانکاریی ناو کایەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری کە بوون بە مایەی پرواهێنان بەوەی هیچ فریادڕەسێک لە ئاسمانەکانەوە نایەت، بەڵام سەدەی بیست بە هەمان میکانیزمی کارکردەی عەقڵێکی میتافیزیکی بە دوای فریادڕەسێکی سەرزەمینیدا گەڕا کە لەناو ئایدیۆلۆژیای جیاوازی چەپرەوەکان و بگرە ڕاستڕەوەکانیشدا خەونیان بە گۆڕانی گەورەوە دەبینی لەسەر هەموو ئاستەکاندا، کە دیارە یەکێک لەو بزاف و تەوژمە سیاسی و کۆمەڵایەتییە هەڵگرانی ئاڵای سۆشیالیزم بوون، کە سەدەی بیستەمی ڕەنگڕێژ کرد بە 'تیرۆری سوور'ی خۆی، دروشمی دووەمیان کە درۆی فریادڕەسەکانی ناو ناسیۆنالیزم خۆیان بوون، بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، کە بێجگە لە فریوێکی گەورە و خیانەتی مێژوویی هیچی دیکە نەبوو، دەکرێت سەدەی بیستەم سەدەی دۆرانی فریادڕەسەکان بێت لەسەر زەمینی واقیعدا، واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەفسووس کە تا هەنووکە وێنەی فریادڕەس لەناو خەیاڵدانی ملیۆنەها وەکو خۆی ماوە.

هاوڕێ لەگەڵ سەرهەڵدانی سەدەها جووڵە و چالاکیی چین و توێژە ڕاچەنیوەکان، شۆرشی قوتابیان و بزافی نەپراوەی فێمینستەکان: گەرچی هەر هەموویان بوون بە سەرچاوەی دروستبوونی زمانێک و دیدگایەکی تازە بۆ نزیکبوونەوە لە هەموو گرفت و کێشە هەڵایساوەکان، بەڵام تا هەنووکەش ئەو گومان و زەمینلەرزە فیکرییە، کە لە باری تیۆرییەوە چالاکتر بووە، کەچی بۆی نەکراوە مۆراڵێکی تازە بکات بە دەستووری هەمووان و گومانکردن لە ڕابردوو سەرتاپاگیر نەبۆتەوە، هێشتا لە دونیای ئێمەدا هەرێم و جوگرافیایەکی بەربەرین هەن کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی کێویبوون و بەر لە مێژوودا دەژین.

سەدەی بیست بەو هەموو دەستکەوتە گەورانەوە، لەسەر ئاستە جیاوازەکاندا، هێشتا لەو رۆحە وەحشییەتگەری و باربارێزمە رزگاری نەبووە کە دوو جەنگی جیهانیی گەورەی بەرپا کرد، خۆشبەختی و ئازادی، دوو ئەفسانەی دیکەن کە پێوانەکەی لەوەدا کورت بۆتەوە کە ژمارەیەکی یەکجار کەم لەو ئازادی و خۆشگوزەرانییە بەهرەمەند بن و بە ملیۆنەها لەژێر هێڵی هەژارییەوە بن.

سەرچاوەی خورافات چ ئاسمان بێت و چ سەرزەمین: گەر بە کارەسات و گیرۆدەبوونی مرۆڤ کۆتایی بێت مایەی گومان و هەڵوەشاندنەوەیە، گرفتی هەرە سەرەکیش ئەوەیە مرۆڤ لە کۆنەوە تا هەنووکە بە بێ خورافات نەژیاوە، هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا کۆتایی هەمان سەدە سێ خورافەتی گەورە بوون بە مایەی گومانی گەورە لە مۆدێرنیتە: سۆشیالیزم و نازیزم و فاشیزم کە هەرسێکیان لەسەر خورافاتی گەورەی وەک دکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا و توخمی پاک و سەردەستەیی نەتەوەگەری و ڕەگەزپەرستی دەلەوەڕان، کە دوور بوو لە هەموو عەقڵانییەتێکی چاوەڕوانکراو. هەڵبەتە ناعەقڵانییەت و خورافات دووانەی یەک سکن.
ئەوەی هەنووکە لێرە دەگوزەرێت، دووبارەکردنەوەی هەمان ئەزموونە کە مێژووی رۆژئاوا تا هەنووکەش باجەکەی دەدات، نموونەی ئەو هەموو شەڕ و ناکۆکییانەیە کە بە ناوی ئایدیۆلۆژیای سەرزەمینی و ئاسمانی کران و دەکرێن، هەر هەموو شیکارییەکان لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سایکۆلۆژی و کۆی کایەکانی پەیوەست بە خوێندنەوەی مرۆڤ زۆر سوریالی و بێهوودە دەکەونەوە لەبەردەم قەیرانەکاندا، هەر هەموو لێکۆڵینەوە و پڕ و بیانووی توێژی رۆشنبیران و پسپۆڕان و سیاسەتکاران و دەروونناسەکان و پەروەردەکاران لەناو هەمان بازنەی بەتاڵدا دەخولێنەوە، چونکە ئەمڕۆمان لە دوێنێ ناشیرینترە، لە رۆژهەڵاتدا پاشەکشێیەک بەرەو سەدە ناوەڕاستەکان مایەی مایەپووچیی هەموو خەون و ڕەنجی ئێمەیە، لەوەی کە ئومێد بخوازین ئایندەیەکی ڕوون چاوەڕێمان دەکات.
گەشبینیی سیاسەتبازەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە گەمژەیی کۆتایی هاتووە کە هەرزانترین شت لەو بازاڕی سووکی سیاسەتە مرۆڤ خۆیەتی.
لەم سەردەمەی کە مرۆڤەکان شانازی بە گەورەترین دەستکەوتە تێکنۆلۆژی و زانستە سروشتی و مرۆییەکان و بزافە رۆشنفکرییەکان دەکەن، کەچی رۆحی توندوتیژی و دڵڕەقی گەیشتووەتە چڵەپۆپە، کردەکانی خۆوێرانکردن و دونیا وێرانکردن چیرۆک و داستانی رۆژانەیان نەپراوەیە. جاک دیرێدا واتەنی: لەوە دەچێت سەدەی بیست و یەک سەدەی باربارێزم بێت. جیهانی ئێمەش لەمڕۆکەدا لە پاشەکشێی شارستانیبوونی خۆیدا دەژی، نەک هەر ئێمە کە نەمانزانیوە بەبێ دۆزەخ بژین، هەتا نەتەوە هەرە شارستانییەکان لە رۆحی جەنگەڵخوازی دەربازیان نەبووە. لە ڕووی مرۆڤدۆستییەوە پێوانەی مۆراڵی مرۆڤپەروەری لەوەدایە کە ئەگەر هەرێم و ناوچەیەک و کێشوەرێک گیرۆدەی مەینەتی و کارەسات بن، ناکرێت دانیشتووانی بەهەشتەکانی سەرزەمین بە چارەنووسێکی ڕەش و ئەزەلی ئەوانی دیکەی لە قەڵەم بدەن.
هەموو ڕەفتارێکی مرۆیانە هەڵبژاردنی خۆمانە کە رەنگدانەوەی بیر و بڕواکانمانە، سازشکردن لەسەر مەرگی مرۆڤ و پرنسیپەکانی مەترسیدارن کە ئەمڕۆکە سازشکردنێکی سەرتاپاگیر لەسەر مەرگی بەها جوانەکان لێرە و لەوێدا دەبیندرێت، مەرگی هەقایەتە گەورەکان لە برەودایە، مرۆڤی ڕەسەن لێرە و لەوێدا وەک گیاندارێکی نامۆ تەماشا دەکرێت کە دەبوو لەناو بچێت، هەموو رۆحە شەڕانگێزەکان لە خۆگێلکردندا بەرامبەر بە هەقیقەت پتر گەشە دەکەن، هەقیقەتێکی زۆر سادە: هەق بوو مرۆڤ جوانتر بژی، نەفامی بەرامبەر بە راستییەکی وا سادە لە عەقڵ و ئاوەزێکی نەخۆشەوە هاتووە، سەرچاوەی گشت شەڕ و بەدکارییەکان بۆ خۆی لە خورافەتەکانەوە بۆمان ماوەتەوە، وەلێ ئەفسووس کە ئێمە، هەنووکە و لێرەدا، لە چاخی خورافە و ئەفسانە پڕ و پووچەکاندا دەژین.